کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
18-6-2007 18:25بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بەرەی قاهیرە فاکتەرێک بۆ ڕێکەوتنی ستراتیجی .... هەرمان هەولێری

لەدوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتنە ستراتیژیەکەی نێوان یەکێتی و پارتی کە چەندین هۆکاری ناوخۆی و دەرەکی فاکتەری ڕێکەوتنەکە بوون، وەڵامدانەوەیەکی واقعیانەی دۆخەکەیە، ئەگەر درەنگیش ڕاگەیەنرا، هەر چەندە بە تەواوی ناوەرۆکەکەی ئاشکرا نیەو ووردەکاریەکانی و ئامرازەکانی جێبەجێ کردنی دیار نین، ئاینده بڕیاری لەسەر دەدات.
ئەگەر ئەو ڕێکەوتنە بە ئیفلجی و بەدەردی ڕێکەوتنەکانی ڕابردوو نەچێت کە ئەوەی دواییان هیوای کەسمان نیە و هەمووو پەرۆشیارێکی گەلەکەمان هیوای سەرکەوتن و جێبەجێ کردنی بۆ دەخوازێت بە تایبەتی دوو خاڵی گرنگ کە باس لە چاکسازی حزب و حکوومەت دەکرێت و هەردوو حزبیش لە سەر و بەندی بەستنی کۆنگرەن، دوور خستنەوەی ڕەگەزە گەندەڵ و پاشەڵ پیسەکانی ریزەکانی حزب و حکوومەت باشترین هەلە بۆ چاکسازی و دارشتنەوەی بەرنامەی گونجاو و حزبیانە و دەست نیشان کردنی ئامانجی هەنووکەی و کارکردنی بە پلان و بەرنامە. ئەو ڕێکەوتنە کەمترین قسەی هەڵگرتووە لە ناوەندە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کوردستان، کە دەبوایە لە ئێستادا بوبایە تەوەرەی سەرەکی ڕاگەیاندنەکان، وەك تێبینی دەکرێت بە شێوەیەکی بێ سەروبەر باسی لێوە دەکرێت و هەر کەسە بە شێوەیەك لێکدانەوەی بۆ دەکات. چونکە ئەگەر لە جیاتی ئەو ڕێکەوتنە جیاوازیەك ڕوویدابایە ئەوا لە پەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بە مانشێتی گەورە و چەندین ئارایشتی جۆراو جۆر لە پاڵیشیدا بوختانی زڵ و قەبەی بۆ هەڵدەبەسترا، بە تایبەتی لەلایەن هەندێك زورنا ژەن کە تەنها بازار و بەرژەوەندیان لە قەیرانە ناوخۆییەکانە و پسپۆر و شارەزای باشن لەو کایەدا، لە سەردەمی بەیەکەوە ژیان و تەبایی بازاڕیان نەنگە و ئۆغر دەکات.
ململانێی نابەجێ و شەڕە ناوخۆیەکان سەربازی و سیاسی، تاقەت بر و کین و بێ مانا لە بنەڕەتدا، لە دەستدانی چەندین کەسی دڵسۆز و پەرۆشی گەلەکەمان و کوری سەردەمی خۆی پێویستی ئەو قۆناغە، بێ متمانەیی و گومان لە هەر کردەوەیەکی لایەنی بەرامبەر، هەڵەی گەورە لە ڕووی ئیداری و خولقێنەری قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی ئێستا، زەمینەیەکی لەبار بۆ گەندەڵی و داهێنەری نەریتی ناشاز و مانەوەی دەسەڵات لە دەست کۆمەڵێك، تەگەرە لە بەردەم پرۆسەی دیموکراسی و چەواشە کردنی، ئاستەنگ لە بەردەم گەڕانەوەی ناوچە تەعریب کراوەکانا، پڕ کردنی چەندین گیرفان بە ناحەق و لەسەر حسابی خەڵکی بەش مەینەت. ئەوانە و زۆری تریش لەبەرهەمەکان و داهێنانەکانی ناتەبایی نێوان ئەو دوو حزبەن ئەگەر پرسیارێك بکەین و بلێین ئایا ئەو ڕێکەوتنە لە ئەنجامی قەناعەت و پێویستی قۆناغەکەیە؟ یان پاراستنی بەرژەوەندی هەردوو حزب و کۆنتڕۆڵ کردنی دەسەڵات و نەهێشتنەوەی دەروازەیەك بۆ دیموکراسی و لوشدانی ئۆپۆزسیۆن؟.
لە ژیانس سیاسی کوردا هەموو قۆناغەکانی گرنگ بوونە پێموانیە ڕۆژێك تێپەری کرد بێت و گرنگ نەبوو بێت، چونکە دۆخی کێشەی کورد هەمیشە دۆخێکی هەستیار و وورد بووە، بۆیە پێویستی بە کار شوناسی زرنگ و ووریا هەیە، بە شێوەیەکی لۆجیك و عاقلانە هەڵسوکەوت لەگەڵ بارودۆخەکاندا بکات دوور لە هەڵچوونی دەروونی و تێڕوانینی عاتیفە ئامێز و بەرژەوەندی کورت پرۆسەکە رادەگرێت و دەیشێوێنێت. لەو سەردەمەشدا نابێت کات بە فیرۆ بڕوات کە زۆری ڕۆیشتووە، ئەو ڕێکەوتنەی کە ئێستا کراوە دەبووایە لە پێش ساڵی 2003 دا ئەنجامبدرێت و ئەنجامنەدانیشی لە رابردوودا هێمایە بۆ کورت بینی سیاسیمان کە ئەوەش هەرەشەیەکی گەورەو بەدبینی ئاینده لەلایەن هەمووومان دروست دەکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
18-6-2007 18:25بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

چونکە بەردەوام ئێمەی کورد دوای رووداوەکان دەکەوین و بۆ هەر ئەگەرێك ئەلتەرناتیفێکی پێشووەختەمان نیە، زیاتر پشت بە قەزاو قەدەر دەبەستین و پەند لە مێژوو وەرناگرین کە بەردەوام مێژووی کورد لە کاتی جیاواز و لە هەمان شوێندا لەسەر دەستی هەمان خەڵکدا خۆی دووبارە دەکاتەوە. پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە کاتی خۆیدا لەسەردەمی ئەنفالەکان و سەرکەوتنی عێراق لەشەڕدا ئەنجامدرا (تا نەیدا لە بنی تەبەق نەیگوت سەدەق) .
بێگومان بەیەکەوە کارکردن لەم قۆناغەدا گرنگی خۆی هەیە و کەمکردنەوەی کەلێنەکانی دزەکردنی نەیارانی کوردە بۆ تێکدان و لەباربردنی دەسەڵات و ئیدارەی کوردی، بە تایبەتی لە دوای بە ناو یەکگرتنەوەی حکومەت، سەرکەوتن و فاشل بوونی هەردوو حزب لێی بەرپرسیارن و هیچ لایەك ناتوانێت پاساو بۆ خۆی بهێنێتەوە چونکە پتەوکردنی پایەکانی بارودۆخی ناوخۆ و بە هێز کردنی پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان لە نێوان دەسەڵات و جەماوەردا رەنگدانەوەی ئیجابی دەبێت لە هەڵوێستی حکومەت و حزبە سیاسییەکان لە بەرامبەر هەڕەشە و دەستێوەردانە دەرەکیەکان لەلایەن هەموو حزبەکان هەر یەکەو بە قەبارەی خۆی بە گوێرەی بەرژەوەندیە حزبیەکان و کەسیەکان کارکراوە ئاشکرا بوونی هەموو ئەو فایلدار و خائنە لە دوای رووخانی رژێم و ئاشکرا نەکردنی چەندین دیکۆمێنتی تر کە عەقڵ لە ئاستیان دۆگما دەبێت. خۆ ئەگەر فایلەکانی تر میت و ئیتلاعاتی ئێرانیش ئاشکرا ببن رۆژێك لە رۆژان دەبێ قوڕ بپێوین، کە زۆریش لەوانە منەت بەسەر خەڵکی کوردستان و ئەندام و کادیرانی حزبەکانیشیانەوە دەکەن و پێیان وایە ئەگەر ئەوان نەبونایە ئەو وەزعەی ئێستا نەدەبوو کە لەوانەیە هاوکێشەکە تەواو پێچەوانە بێت، ئەگەر بێخەمی و کەمتر لە سیاسەت گەیشتن نەبووایە ئەوا ئەمڕۆ نە وەزعی عێراق و نە کوردستانیش بەو توولە ڕێیە هاتوو نە هاتەدا ڕێی نەدەکرد و بەرەی قاهیرە لەسەر دەستی کۆمەڵێك کەس و لایەنی گومان لێکراو ئەنجام نەدەدرا، هەر چەندە نۆبەری ئەو بەرەیە بە مردوویی لە دایك بوو، بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکەین ناکرێت تا سەر هەموو کێشەکانی عێراق و کوردستان بە هەڵواسراوی نا جێگیری بمێنێتەوە و کە بە دڵنیاییەوە سەرجەم خەڵکی عێراق لێی زەرەرمەند و رەهەندێکی نادیاریش چاوەڕێی کورد دەکات، ئەگەر ئەو بەرەیەش سەر نەگرێت ئەوا ئەنتەرناتیفێکی تر چاوەڕێ دەکرێت و سەریش دەگرێت.

Herman_hewleri@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.